KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

16-5-2007 14:44  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خۆری سەربەستی لە تروسکەی بڕواوە هەڵهاتبێ، مەحاڵە نوزەو سەگوەڕ بڵێسەی ئازادی بتۆرێنێ... کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردوستان - کۆمیتەی سوید

لەکاتێک دا ئەم گەلە ستەم دیدەیە سەرگەرمی خەمی پرسەو مەراسیمی شەهیدانی 9-5 ی شاری هەولێری نەبەز بون دەستێکی ڕەشی تر بەرەو گەردنی شارۆچکەی مەخمووری کۆڵنەدەر درێژکراو بەفیتی کۆنە قینی بەعسی یانوجەهالەت ئەو شارەیان خەڵتانی خوێن کرد.
ئێمە بڕوامان وایە بەوانەی ئەم دیوسنورو بەوانەی ئەودیوسنور ئەیانەوێ بەهەر نرخێک بێ کارە نامرۆڤانەکانیان بگوێزنەوە کوردوستان و ئاسایشی کوردوستان تێک دەن.
بۆیە پێویستە لەسەر ئەندامانی پەرلەمانی عێراق (لیستی کوردی) بە ئاشکراو بەتوندی هوشیاری بدەن، داواش لە بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێم ئەکەین ئیتر ڕێگا نەدەن کوردوستان ببێتە جێ ی تیرۆریستان و داوامان وایە برایانی عەرەب بنێرنەوە شارەکانی خۆیان بۆ پاراستنی وولات و ئەرکی پاراستنی وولات لە ئەستۆی هەموان دایە، ئێمە وەک کۆمەڵەی پێشمەرگە ژێرینەکانی کوردوستان بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هاوسۆزی کەس وکاری شەهیدان وبریندارەکانین و ئەو کارە تیرۆریستی یە مەحکوم ئەکەین

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردوستان
کۆمیتەی سوید 13-5-2007 یەتۆبۆری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.